
# دەبێ چەندین جار ( فیۆدۆر دوستۆیفسکی ) بناسین ..

و. ئومێد عومەر

( فیـۆدۆر دوستۆیفـسکی ) لـە سالّی ١٨٤٩ دووا بە دووای هەلّوەشاندنەوەی سزای لە سـێدارەدانی، نامەیـەك بـەم شـێوەیە بـۆ براکەی دەنوسێت.

ئەمرۆ رێکەوتی٢٢ ی ١٢ یە. بیـست خولەکە ئێمەیان لە سەرمای ٢١ پلەی ژێـر سفرداو بە دوو گروپـی سێ نەفەری‌و بە تۆمەتـی کارکردن بـۆ خستنەگەڕی چاپخانەیەکی نهێنی، لـە نێـو ئاپۆرەی تەماشاچیانی لـە سـێدارەداندا لەتـەك پـەتی سـێدارەدا ڕاگرتـووە. لـە کاتێکـدا کـە گوێـچکەمان‌و پەنجـەکانی پێمان سـەرما بردەڵـە بـوون‌و زیاتر لە دە کیلۆ زنجیریان لـە قاچـەکانمان بەستووە. یەکـەمین سزای لـە سێدارەدانی ئێمـەیان خوێنـدەوە، پاشـان پیاوێـك بـە جلوبەرگی باوکی پیرۆزەوە لە لایەن کلێسای شارەوە بۆ ئەوەی گوناهـەکانمان لێدەربکات، خاچێکی لـە لێوەکانمـان نزیـك کـردەوە تاوەکو ماچی بکەین. بۆ ناشتنیش لە دووای لـە سـێدارەدانمان، پۆشـاکێکی سـپیان لـە چەشـنی کفـن کربـۆ بەرمانـەوە. یـەك خولەك مـابوو بـۆ لـە سێدارەدانی گروپـی یەکەم، من لە گەڵ هاوڕێکانم ((پلاش جو)) و((دوروك))کە بە ڕاستو چەپی منـەوە بـە زنجیر بەسـترابوونەوە یـەکتریمان مـاچ کـرد. لـە هـەمان کاتـدابوو نامەیـەك لـە کۆشـکی قەیـسەرەوە گەیـشتو حوکمـی زینـدانـی هەتاهـەتایی لـە ( سـیبیریا)لـە بـری لـە سێدارەدانمانیان پـێ ڕاگەیانـدین.( فیـۆدۆر دوستۆیفسکی) کە لە نێوان سالانی (١٨٢١)بـۆ (١٨٨١) ژیـاوە نـەك هـەر تـەنها مامۆسـتای ڕۆمـانی نـوێ بـوو لـە سـەدەی((١٩))دا لـە ئـەوروپا، بـەڵکو لـە کەسایەتیە گەورەکانـی ئەدەبیاتی جیهانیش بوو لە بواری نوسینی، وێـژەیی - کۆمەلایـەتی‌و بـە ڕیالیزمـی ڕەخنـەیش دێتـە هـەژمار. فیـۆدۆر دوستۆیفـسکی گاریگـەری زۆری هـەبوو لـە سەر ئەدەبیاتی میللی ولاتانی جۆراو جۆری جیهـان لـە بـواری ڕۆمانـدا. فیۆدۆردوستۆیفـسکی لـە تـافی لاویـدا پەیوەنـدی کـردووە بـە بەرهەڵـستکارانی سەردەمـەکەی خۆیەوە تاوەکو داکۆکی بکات لـە بیرو بۆچـوونی ئـازادی خوازانـەو داد پەروەریدا. بەلام سەرەنجام بـۆ یەکـەم جار بە سزای لـە سێدارەدان‌و دوواجاریش بـە زینـدانی هەتاهـەتایی لە (سیبیریا) حوکـم دراو هـەر لـە زیندانیـشدا دووچـاری نەخۆشـی (صـرع) بـوو. فیـۆدۆر دوستۆیفسکی دووای گوزەراندنی ١٠ ساڵ لـە زینداندا ئازاد کرا. کاتێکیش کـە گەڕایـەوە زادگاکـەی((لـە بـری سۆسـیالیزم‌و جمهوری خوازی گرنگی بە ئاینی مـەسیحیەت دا....)) مێژونوسـانی ئـەدەبیاتی جیهـان، چـوار هەلّکەوتەی ئەدەبیاتی ڕۆژهـەلاتی ئەوروپا واتە ( نیکولای گوگول)(ئـەیوان تورگینـف، فیـۆدۆر دوستۆیفـسکی، لئوتۆلـستۆی). بـە هاوتاو هاوشانی چوار مامۆستای ئەدەبیاتی ڕۆژئـاوای ئـەوروپا دائـەنێن کـە ئەمانیـش (دانـتی)( شکسپیر)(سـروانتس)(گوتـە)ـەن. بـەبڕوای ئـەمان ئەگـەر(دانـتی) دۆزەخـی ئاگری لە ئـەوروپا وێنـاکرد، ئـەوا( فیـۆدۆر دوستۆیفـسکی)ـش ئەمـەی لـە نـاو سەهۆڵبەندان‌و سـەرمای(سیبریا) ئـەزموون کرد. ئەگەر(دانتی) لەگەڵ ئەرواحی گونـاح کاراندا لە دنیای بەرزەخدا ئاشنا بـوو، ئـەوا (فیـۆدۆر دوستۆیفـسکی) لەگـەڵ مـەحکوم کراوەکانی ئـەم دنیایـە دا هـاودەم بـوو. رومـیزف ڕەخنـە گـری ئـەدەبی ئـەلێت: دوستۆیفسکی واتە ڕووسیاو ڕووسیاش واتـە دوستۆیفسکی. تائێستاکە هیـچ نوسـەرێك‌و چـیرۆك نووسـێك بەچەشـنی (فیـۆدۆر دوستۆیفسکی)نەیتوانیوە دەروونناسی مـرۆڤ لە ناو کۆمەلگەی پڕ خەشن‌و نایەکسانی دا وەها شەفافانە شرۆڤە بکات. ئـەو بناغـەی خۆشـبەختی خـۆی لـە سـەر بنـچینەی دەربڕینی بەدبەختی ژیانی خەڵکی تر دانا. (فیۆدۆر دوستۆیفسکی) ڕەخنەگرێکی جدی کۆمەلگای سـەرمایەداری‌و فیوداڵـی روسیای قەیـسەربوو. ئـەمیش هـەر وەك ( گابرێـل گارسـیامارکیز) زمـانی کـاراو ئاگرینـی ڕۆژنامـەوانی لـە گـەڵ توانـستە دەروناسی‌و ڕیالیزمیەکەی خـۆی ئاوێتـەی یـەکتر کـرد. ((ئـارتۆر میلێـر))دەلێـت: ((دوستۆیفـسکی، گـەورەترین ڕۆمـان نوسـی مێژوویـە)). (( ئـەلبێرت کامۆ )) یـش پێـی وایـە کـە پاڵەوانی نـاو نوسینەکانی هـەر وەك خـۆی خوازیاری وتـاو ئامانجی تایبـەتی ژیانن . لـە دوا ڕۆمـانی نیوەچـڵی ((بریانـی کارامـازۆف))ی دوستۆیفـسکی، دەتوانـین بـەدوای دزەکان‌و بارگرژی‌و ئالۆزییەکانـی جیهان بینی ئـەو دا بگـەڕێین. خـاوەن فکـرەو ڕەخنـەگرانی ئـەدەبی جیهـان (دوستۆیفـسکی) بـە نوسـەرێکی کۆمەلایـەتی، ڕەخنـەگرو ڕیـالیزم نـاوزەد دەکـەن چـونکە ئـەم لـە نوسـینەکانیدا بایـەخی داوە بـە بوارەکـانی زەمـەن‌و کۆمـەلگـەی هاوچـەرخی هەنوکـەیی خـۆی وەك مێژوو، سیاسەت، ئابوری، فەلسەفە، ئاین‌و هونەر. ماوەیەکی دورو درێـژ لـە ڕوسیا بـەهۆی ئـەوەی کـە ڕەواج دەدا بـە مەسـائیلی مەزهەبـی بەدیدێکـی سلبی لـە بەرهەمـەکانی (دیستافسکی)یان دەڕوانـی‌و (لینین) سەبارەت بەو گوتویەتی: بەداخـەوە ئـەم بلیمەتـە خـۆی خـەریك دەکات بـە بابەتگەلێکی ناسازو غەمـەنگێز. ئەگەرچی ( دوستۆیفـسکی) لـە ڕۆمـانی(بریـانی کارامـازۆف) بایـەخ پێـدەری ئەندێـشەکانی مـرۆڤ گەریانەیـە. ( تۆماس مان - نوسەری ئـەڵمانی‌و بـراوەی خـەلاتی ئـەدەبی نۆبـڵ) سـەبارەت بـە (دوستۆیفسکی)دەلێت: ئەم نوسەرە لە خاچ دراوە، لـە کـاتی دەربڕینـی جدیاتیـشیدا هەرگیز تەنزو گاڵتەو گەپی سروشتی خـۆی وەلانـەناوە. دوستۆیفـسکی لـە گەنجیـدا هەروەك( پۆشکین )و( شیلەر) خوی داوەتـە شـانۆنامەو لـە بەرهەمـە شانۆنامەییەکانیـشیدا بایـەخی داوە بـە ( یەکسانی، ئازادی، عەشق، ئیمان، مـەرگ، خیانـەت، ململانـێ، هیـوا)و هتـد ... دوستۆیفسکی( گۆگۆڵ‌و لۆمانتۆف‌و ڤۆلتێرو ڕۆسـۆ بـالزاك‌و دیکێـنز)ی وەك مامۆسـتای خـۆی نـاوزەد کـردوون لـە بـواری نوسـینی ئەدەبیدا.

سەرچاوە / گۆڤاری ئفاق نو ژمارە ( ١٣ )



# ئاوایی بێ رۆح


ئەم دە ڤەرە بۆبێ دەنگە ؟
ئەم هەوارە بۆ واماتە!
ئەمە ژوورە تاریکەکانی با ستیلە !
ئەمە شەوە !
یا شا باڵی پەپووی مەرگە
پەپوولە بێ نا زەکانی
لەگرکا نی رقی خۆی دا پروکاندون !
ئەم مەملەکەتە نوستووە ؟!
ترپەی دڵی کەس نابیستم
درەختەکان لە خەڵوت دان
تەلارەکان
کۆڵانەکان
خانووی ماڵەهەژارەکان
ئاوێزانی باڵای یەکن
خەوی دیلی لوولی داون
وەکو جاران
ها ژەی چەم و
نەغمەی مەل و
بۆنی مسکی گوڵان نایە
( زێ ) ش مارێکە سرو تەزیو
بێ دەنگ دەخشێ
شنە بەسەر ئەم هەوارە خاپوورەدا
بەهێمنی ، دێت ودەکشێ
خەمی ژیان
خەمی جێ ژوان
خەمی شارو خەمی دارو
خەمی بەردو گوڵ وکانی
بۆگوڵالە کێویلەکان
بۆ خانەقای دارەشمانی
بۆدیوانی شێخی سەرزێ
بۆمەنزڵی شێخەچکۆڵ و
بۆهەواری شێخی ریشوان ، دەبارێنێ
بۆ کوێ برۆم
ئەم هەوارە چۆن تەی بکە م؟
بۆهەر لایە هەنگاو ئەنێم
بەر دە کێلی پەپوولەیەك
تەرمی راکشاوی شەقامێك
ئێسك و پروسکی تەلارێکم دێتە سەر رێ
ئێستا لێرە
کلاو رۆژنەکانی گەرەك
پەرچەمی خۆر شانە ناکەن
کەزی یەکانی ناهۆننەوە
ئێستا لێرە
لەم ئاوایی یە بێ روحەدا

مانگ بەتیژی تێ دەپەرێ
ڤینۆس وهاوەڵەکانی
شەوارەی نامۆیی دەگرن
ناجریوێنن
ئێستا لێرە
بەهاری شەنگ
نەشمیلێکی ڤژ ئالۆزە
هاوین لێرە
بێشەلانێکی تینووە بێ سروەیە
وەرزی خەزان
خەرمانێکی بێ ئاوازەو
زستانیشی بێ نەوایەکی بێ دەنگە
ئێستا لێرە
هەمووشتێ بێ ئاگان و لەخەودانە
تەنها قەلا بەئاگایەو
پاسەوانی ڤاسەی زێرینی مێژووە
مێژووی چیا
مێژووی داربەرووە هەردەم بێ دارەکان
هی کارێزە چاو زیتەکان
هی ملوانکە مرواری یەکەی ملی قەلا
ئێستا لێرە
هەموو شتێ لەپرسەدان
گوێ لە ناڵەی کێ راگرم
هاواری مەرگی ئەم شارەم بۆ کێ بەرم ؟
لەبیرم دێ
ئەم وێرانە کش وماتە
بەهاری شەنگی ژیان و
لانەی هەلۆی چاونەترسی
کۆساران و پشدەرم بوو
لەبیرم دێ
ئەم مەملەکەتە سووتماکە
بۆ وەلی یەکانی دێوانەی خۆر
سەمفۆنیای ئەوینی ئەچڕی
ئەی لاواندن
کەچی ئێستا
شار زامێکی بێ سارێژە
تنۆك ، تنۆك ، خوێنی دەتکێ و
لق وپۆپی باخی ژینی
لەدۆزەخی رقی مەرگی ناحەزانا
هەڵدەقرچێ
تەنها قەلا ملی بەرزەو
گەردانەکەی زرنگەی دێ
تەنها قەلا !!



ڕێبوار بەکرە جۆیی

ئەم شیعرە بۆ کارەساتی راگواستنی قەلادزێ



# تەڕتەڕ بکە باخەونی گەلاّسەوزبیّ !!

**بەکر ئالەیی**



١

نەم ویست گوێم   لەگریانی درەخت بێ
ئەولەچاومدا  هەمیشە فرمێسکە کانی ڕادە ژاند
بەنیگاوە سە فە رەکانی ڕێك دەخست
هێندەی زرا ڤی سرود لەعە شقمدا شایی دەکرد
گۆرانی دەچری بۆسبە ینێ
گەلابەحوزنەوە لەرەنگی خوێنمدا ژوانی بەست
لە ئاوازی  نەسیم دا فڕینی نەغمە کان بوو
لە عە شقدا چیرۆکی حە نین وسەحەری ماچ ونسێ
ی رەنگە کانی ئاوبوو
گەلاّ لە ئێوارە یەکدا گە یشت
باران بوو باران !!
لە ساتێك دا گەیشت ئاونوستبوو
ژیان ترپەکانی نەسیم بوو
باخچە ترۆپکی پێکە نین بوو
کانی مەستی نوسینە وەی گوناحەکانی پایزبوو.
درەنگ نەگە یشت سات ساتی خۆی بوو
من لە ژێر پە نجەکانی  گەلاّدا پەنجە رەیەکم ڕۆشن دەکرد

٢

من لە گەڵ هە ناسەکانی گە لاّدا نیشتیمانێکم پڕدەکرد لە عەتر
من وسە فە ری گەلاّ هە ورمان لە ئامێزدا بوو
من و موحیبە تی گەلاّلەگەڵ باران دا نیشتین بۆ دڵی پایز
نەم ویست گوێم لەگریانی باخچە بێ
گوێم لە ژان و زامەکانی گەلاّ بێ
گوێم لە قسە زبرەکانی (با)بێ نەم ویست .
گوێم لەچیرۆکی نێوی دارستان و خە ونە ترسەکانی تاریکبێ .
نەم ویست گوێم لە شکانی دڵی درەخت و تورەبوونی باران بێ
باران تە ڕ تە ڕم بکە
باخە ونی گەلاّسە وزبێ
باسپێدە بە نمە ی تۆمە ست مە ست بێ

باروحم لەگەڵ ترپەکانی دڵی تۆدا لەدایك بێ
باران بڕژێ و بڕژێ
وە ك فوارە شیری  مەمکە کانی گێلاس بڕژێ
وەك لە خە وڕا بوونی ئاوبڕژێ
وە ك پە لّە کە نو وی کۆڕی عاشقان بڕژێ

٣

وە ك سروشت و نەغمەکانی خالقی بڕژێ
بڕژێ وەك زەردەخەنەی مۆنالیزا
بڕژێ بە وێنەی بۆنی فرمێسکە کانی خودا
گەلاّ دڵی تە ڕە تە ڕ
گەلاّ  لەعیشقدا ماچی بە رجە ستەکرد
گەلاّلە شێعردا رەنگی گریانە کانی دوا ند
تەمە ن کورتی گەلاّ بێ زەردەخە نە  نارِوات
بێ ماچ ودەست گوشینی هە تاو
بێ چاوداگرتن لەنسێ و
بێ سلاّوکردن لە باخچە  نارِوات
ئۆغرناکا
بێ
لەباوەش  گرتنی  باران
بێ ژوان گرتن لەگەڵ تروسکە
بێ چاوشارکێ  لەگەڵ ئاوبوونی خۆر
گەلاّ پڕە پڕ لە تریفە
پڕە پڕلە سروش

٤

پڕە پڕ لەجوانی  لەرۆمانسی یە تی شێعر .
نامە وێ گوێم
لەگریانی گەلاّبێ
گوێم لە ماندوو بوون و بێ تاقە تی  چیمەن بێ
گوێم
لەلە ت کردنی قە وزەی کانی و شکانی بلّقە کانی ئاوبێ .
نامەوێ
گوێم لەمردن و دواقسە و شە هیدبوونی بان بێ .
باگەلاّ لەروحم دا قسە بکاو
لەباراندا خوی بڕژینێ !!



## لەشیعرەکانی ئەحمەد مەتەر

و. مستەفای سەید مینە

### خۆپاککردنەوە

پاشایەك دێتە سەر ڕووبار
سێبەری لێ دەکا جارجار
ئەوە بۆیە؛
ڕووبار بەرەو دەریا دەڕوا
تاکو بە خوێ دەستان بشوا!

* * *

### دڵڕەقیی

بەردێك بە گوێی
بەردێکی دیکەیدا چرپاند:
کاکە گیان، تۆ زۆر دڵڕەقی؛
نە ڕۆژێك بۆ پنجە گیایەك
بزێکت کەوتە سەر لێوان،
نە هەرگیز دڵت نەرم بوو
بۆ حەزو ئارەزوی باران
زەردەخەنەی دلگیری خۆر
بە ڕوخسارتدا تێپەڕی
گڤەی ،،با،،ش هات
پەردەی خامۆشی گوێی دڕی
بەلاّم دەتۆ بەرامبەریان
کەم تەرخەمو ساردوسڕی؛
نە ڕومەتت گەشایەوە
لەبەر شادی..
نە دڵیشت لەتوپەت بوو
بەدەست خەمو نامرادیی
باشە تۆچی؟!
دە ماڵوێران، دڵنەرم بە
سینگ فراوان و هەست گەرم بە
وەکو بەردان
نەك وەکو سوڵتانی ئینسان!